سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی لوتکەی G20 هەوەشاندەوە

سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا، پێدرۆ سانچێز بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی لوتکەی G20 هەوەشاندەوە کە بەیاربوو لە 9 بە 10ی مانگی 9 لە هیندستان بەڕێوەبچێت بەهۆی توشبوونی بە ڤایرەسی کۆرۆنا.

حکومەتی ئیسپانیا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "پێدرۆ سانچێز بە بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی لوتکەی G20 تووشی پشکنینی ڤایرەسی کۆرۆنا بووە و ئەنجامەکەی ئەرێنی بووە"، لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەنجامی تاقیکردنەوەکە ڕۆژی پێنجشەممە گەیاوەتەوە و بەیە سەرۆک وەزیران ناتوانێت بچێتە نیودەلهی پایتەختی هیندستان.

لە بەیاننامەکەدا هاتووە، سانچێز کە پێشتر تووشی ڤایرەسی کۆرۆنا بووە، ئێستا لە دەخەکی باشدایە و لە ماڵەوە بەردەوام دەبێت لە کارکردن، ئاماژە بەوەش کراوە کە ئیسپانیا لە کۆبوونەوەی G20 لە لایەن وەزیری دەرەوە جەزە مانوەل ئەلبارەس و جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ئابووری نادیا کالڤینۆوە نوێنرایەتی دەکرێت.